

# پێداچوونەوە یەک بە پێداچوونەوەی مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە بە دەقی وەرگێردراوی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان

**هەزاران تەزویری مەلا عەبدوڵلا حەسەنزادە لەو پێداچوونەوەیەدا دانپێدانانی ناوبراوە بە هاوکاریی کردنی لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، زانیاریی یەکێتیی نیشتمانیی، بریاردەرانی تێرۆری د.قاسملووو عەبدوڵلا قادریی ئازەر**

**مافناس- حەسەن ئەیوبزادە**

**١٢**

## کورتەیەک لە بەشە بڵاوکراوەکان

کارۆل پرۆن هوبێر، نووسەر ورۆژنامە نووسێکی ڤێنێزۆئێلاییە. ناوبراو لە ساڵی ٢٠٠٨ کتێبێکی بە ناوی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان لەسەر بەشێک لە ژیانی سیاسیی د.عەبدوررەحمان قاسملوو سکرتێری عیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە زمانی سپانیۆلیی نووسی و لە کاراکاس پێتەختی وڵاتەکەی چاپی کرد. ئەو نووسەرە ساڵێک دواتر ئەو کتێبەی خۆی لە زمانی سپانیۆلییەوە کرد بە ئینگلیزیی و لە ولاتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ٢٠٠٩ چاپ کرا. وەرگێرانی ئەوکتێبە لە ساڵی ٢٠٠٩ بۆسەر زمانی کوردیی کاری ماملۆستا فەتاح کاویان ئەندامی بەرێی کومیتەی ناوەندیی حدکابووە.

مەلا عەبدولڵا حەسەنزادە ناسراو بە حیاکیی ئەندامی بەرێ کومیتەی ناوەندیی حدکا، بێ ئەوە شارەزای زمانی سپانیۆلیی یان ئینگلیزیی بێ، بۆ مەبەستێکی سیاسیی نارەوا خۆی کردووە بە ئێدیتۆر و بە وەرگێردراوی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد تەرجەمەی ماملۆستا کاویاندا چووەتەوە. ناوبراولەو پێداچوونەوەیەدا پاکانەی بۆ تێرۆریستەکانی بکوژی د.قاسملوو و گۆرینی واقعییەت کردووە.

لە پێداچوونەوەی مەلا عەبدولڵا بە وەرگێراوی دەقەکوردییەکە دا پەتکەورەی جینایەت وئالقە بزرکراوەکانی زنجیرەی روداوەکانی تێرۆری رێبەرانی حدکا دۆزراونەوە.

وێرای ئاشکرابوونی پێوەندییەکانی مەلا عەبدولڵا بە دەزگائەمنییەتییەکانی رژیم و زانیاریی یەکێتیی نیشتمانییەوە ناوبراو لە ناساخیی و هەلومەرجی دژواری ژیانی ماملۆستا کاویانیش بە خراپ کەلکی وەرگرتووە و خەیانەتی بە ئەمانەت کردووە. مەلاعەبدولڵا دڵنیا بووە کە ماملۆستا کاویان لە توانایدانابی پێداچوونەوە تەزویرکراوەکەی کۆنترۆڵ بکاتەوە. خەیانەتی مەلا عەبدولڵا بە ئەمانەت تاوانێکی سەر بەخۆیە.

حەسەنزادە بە بریاری سیاسیی سەرەرۆیانەی خۆی و بێ ئەوە سەلاحییەتی سیاسیی بریاردانی هەبێ، بە پلان و نەخشەی ریگای تاڵەبانیی بۆ صحراوردی، حدکای بۆ ئۆردوگای زۆرەملیی ژێردەسەڵاتی تاڵەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران راداو کۆتایی بە بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەلاتی کوردستان هێنا. بەڵگەنامەکانی تاڵەبانیی بە ،هاوکاریی مەلا عەبدولڵا بۆ توناکردنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە و سەرچاوانەی خوارەوەدا بخوێنەوە!

**١– بەڵگەنامەکانی نووسراو بە خەتی  تالەبانیی لە کتێبی شەری ناوخۆی کوردستانی عیراق چۆن دەستی پێکردو کێ لێی بەرپرسیارە،**

**٢–  کتێبی خولانەوە لە ناوبازنەدا نووسینی نەوشیروان مصطفی، چاپەکانی یەک و دوو سالی ١٩٩٩،  چاپ کراو لە ئالمان و سلێمانیی،**

**٣–  لێکۆلینەوەی دادوەرانی لێکۆلینەوەی ئوتریشو  پۆلیسی دادوەریی لە تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی،**

**٤– لێکۆلینەوەکانی پۆلیسی ئەمنییەتیی ئاڵمان لە تێرۆری میکونوس ،**

**٥– کتێبی ئەرتەشی تارمایی نووسینی  ویلهێلم دیتل بە زمانی ئاڵمانیی[1] ،**

**٦– رۆژنامەکانی کوردستان، ئۆرگانی رەسمیی حدکا،**

**ئاشکرابوونی"لانیکەم جاسوسێکی رژیم (ئەندامێکی بەرپرسی حدکا) لەناو ئەوسێ کەسەی کە لەگەل د.شەرەفکەندیی لە بێرلین تێرۆرکران بەڵگەی هەبوونی ئەو تۆرە جاسوسییە لەناو حدکا بووە.  بروانە کتێبی "ترور بە نام خدا" نووسینی مهندس پرویز دستمالچی بە زمانی  فارسیی و کتێبی ئەرتەشی تارمایی، نووسینی ویلهێلم دیتڵ بە زمانی ئاڵمانیی.**

**تۆرێکی جاسوسیی پێکهاتوو لەتوێژی سەرەوەی رێبەرایەتیی‌حدکا بۆ دانی زانیاریی لەسەر دقاسملوو بە وەزارەتی اطلاعات کارابووە.  ئیددیعای سەلمێندراوی "علی فلاحیان"ی وەزیری اطلاعات کە دوو حەوتوو بەر لە تێرۆری د.شەرەفکەندیی  گوتبووی: "لە توێژی سەرەوەی حدکادا نفوزی کردووە، لە ٣٠ ئاگوستی ١٩٩٢  لە تەلەویزیۆنی دەولەتیی کۆماری ئیسلامییدا بڵاو کرایەوە و حدکای  وەکو پێشوو بە ئامانجی هێرشی  وەزارەتی ئیتتیلاعات ناوبرد. هێرشی ئەو چەشنی وتەکانی رفسنجانی نەبووە کە رایگەیاند: مەبەستی  کۆماری ئیسلامیی کۆکردنەوەی زانیاریی و خستنە ژێر چاوەدیریی حدکایە . فلاحیان لەو وتانەی  رۆژی ٣٠ ئاگوست دا رون و ئاشکرا باسی لێدانی گورز و زەبرێکی کرد کە لە لە دەرەوە لە حیزب دەدرێ و گوتی: ئەو زەبرە پێشتر  لە حدکادراوە و لە دادێش دا لێی‌دەدرێ و تاروبەری سەرەوەی حیزب نفوزی کردووە و تارادەیەک ئەو توێژە لە ژێر چنگی خۆی دایە. وەرگیراو لە دیفاعی کۆتایی پارێزەرەکەی بنەماڵەی فتاح عەبدولی بە ناوی هانس یواخیم اریک  لە رۆژەکانی ٢١نوامبر و ١٤ فوریە و ٣ ئاوریل ١٩٩٧ !**

222 The Passion and Death of Rahman the Kurd

Vienna without informing anyone. He told only his ex-wife, some French friends, Rasul, Abdullah—and, by chance, Ben Bella also knew the secret.

Two years later, in a Paris hotel room, Talabani recalled these circumstances surrounding the murder of his friend. "Ghassemlou should have realized why the Iranians cut us [the PUK] out of the negotiations: it was because they had prepared everything, and with us involved, they could not do it. They could not kill two Kurdish leaders at one time.

"I don't understand how Ghassemlou was fooled by Rasul, because I never saw him [Ghassemlou] again. He wrote me some letters where he complained that some of my people had talked, and I accepted that he was right. He was upset. 'You know very well that the Kurds cannot keep a secret,' I told him.

"I'm surprised that he was deceived so easily," Talabani admitted, "[and agreed to the meeting] with no bodyguards. As a consequence, Dr. Ghassemlou was left with the responsibility of taking care of himself. He also made technical errors. Why did he meet in the same place twice? How was it that he agreed to go to that place without bodyguards? No one can understand this."

Nonetheless, Ghassemlou was convinced that the Kurds had made a small step forward in the December and January negotiations: there was an agreement of principle to review autonomy status for Kurdistan.[265]

In those first meetings, the Kurds expressed their hopes while still abiding by the slogan that the party had adopted earlier: "Democracy for Iran! Autonomy for Kurdistan!" Such a slogan was not common in the Third World, but it was not strange at all to those who knew the party. The KDPI was an unusual organization with its push for democracy instead of a communist-style government so popular among revolutionary movements at that time.

As with many minorities around the world, the Iranian Kurds demanded recognition of their identity, respect for their language, and the right to teach Kurdish along with Persian in their schools. As well, they wanted to place regional law enforcement in the hands of the peshmergas, their own police force.

The KDPI represents the majority of the Iranian Kurdish population. It is a party of materially impoverished people who live in a universe of

**مەلا عەبدوللا حەسەنزادە تۆمەتبارە کە  بە دزی هەموو ئەندامانی رێبەرایەتیی حدکا و بە پلانی تالەبانیی،  سێ مانگ  و دەرۆژ دوای تێرۆری د.شەرەفکەندیی ١٧ سێپتامبری 1992 حدکای لە قەندیلەوە بۆ ئۆردوگای زۆرەملیی تالەبانیی لە کۆیە رادا. لە ئاکامدا بۆ پاراستنی خۆی لە تێرۆر و وەرگرتنی جیرەیەکی مانگانە  و دەسەلاتیی بەردەوامی خۆی بەسەر تاقمێکی فرۆشراو بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و تالەبانیی، دەستبەسەرداگرتنی سامانی حیزب لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک بۆ کوشتاری ئەندامانی حدکا هاوکاریی راستەو خۆی کردووە و زەمینەی تواندنەوە ی حدکاو و ئاشبەتاڵی بۆ تالەبانیی و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران پێک هێناوە.[2] بە کورتی عەبدولا حەسەنزادە بریاری سیاسیی توناکردنی بزوتنەوەی**

1 _SCHATTENARMEEN DIE GEHEIMDIENSTE DER ISLAMISCHEN WELT    WILHELM DIETL

2 _ http://www.peshmergekan.com/pdki/pdki-puk-hersh-peshmergekan-com.pdf


کـوردی لـه رۆژهـه‌ڵاتی کوردسـتان داوه و بـه کـرده‌وه بـۆ بـه جێگه‌یانـدنی ئـه‌و بریـاره له‌گـه‌ل تاڵـه‌بانیی و صـحراروودی کـاری کـردووه. مـه‌لا عه‌بـدوڵلا به‌رپرسـی یه‌کـه‌می ئه‌وکاره‌سـاته‌یه. نـاوبراو لـه پـاریس لای کـریس کـۆچرا رۆژنامه‌نووسـی فه‌ره‌نسـیی دركاندوویـه کـه رادانـی سـه‌ره‌رۆیانه‌ی حـدكا لـه قه‌ندیلـه‌وه بـۆ ئۆردوگـای زۆره‌ملیـی تاڵـه‌بانیی لـه‌كاتێكدا كراوه كه مصطفی هجری لـه فه‌ره‌نسه بـووه. لـه بیست و دوو ساڵی رابـردووه تـا ئـه‌مرۆ مصطفی هجری نـه وێراویـه و نـه توانـایی نووسـینی دێرێكـی له‌سـه‌ر ئـه‌و بابه‌تـه هـه‌بـووه كـه حه‌سـه‌نزاده لـه ٢٣ سـێپتامبری ١٩٩٦ لـه وتـوێژ له‌گـه‌ل كـریس كۆچرا باسی كردووه.

**درێژه‌ی لێكۆڵینه‌وه له ته‌زویره‌كانی مه‌لا عه‌بدوڵلا و راگه‌یاندنی واقعییه‌ته چه‌واشه‌كراوه‌كان**

**بیره‌وه‌رییه‌كانی تاڵه‌بانیی له‌سه‌ر تێرۆری د.قاسملوو بۆ نووسه‌ری كتێبی خولیاو مه‌رگی ره‌حمانی كورد**

وه‌رگێردراوی دوو هێڵی لاپه‌ره‌ی ٢٢كتێبی خولیاو مه‌رگی ره‌حمانی كورد، ته‌زویرێكی مه‌لا عه‌بدوڵلا نیشان ده‌ده‌ن. لێره‌دا جیاوازیی وته‌كانی تاڵه‌بانیی له‌گه‌ل واقعییه‌ته‌كان له به‌ڵگه نامه‌كاندا ده‌خرێنه به‌رچاو. لاپه‌ره‌ی ٢٢١

But Ghassemlou was alone in this thinking. His people did not believe in the negotiations. Therefore, in July 1989, he traveled to…


زستانی قییەن ▪ ٢٤٥

هەر لەبەر ئاکامێکی ئەوتۆ بوو قاسملوو پەلەی دەکرد».

قاسملوو لەو بیروفکرانەدا تەنیا بووو خەڵکەکەی بڕوایان بەو وتووێژە نەبوو. بۆیە لەمانگی ژوئیەی ١٩٨٩دا، بێ ئەوەی هیچ کەس ئاگادار بکا، رۆیشتە ڤییەن. تەنیا بە ژنەکەی و چەند ئاشنایەکی فەرانسەیی و رەسوول و عەبدوڵلای گوتبوو ،و بەرێکەوت، بن بیللاش لەو کارە نهێنییە ئاگادار ببوو.

دوای دووساڵان، لە هۆدەیەکی هوتێلێکی پاریس، تاڵەبانی باسی هەموو ئەو شتانەی دەکرد کە بوونە هۆی کوژرانی هەڤاڵەکەی و دەیگوت: «لەبەر ئەوە بوو هەموو شتێکیان ئامادە کردبووو ئەگەر ئێمە دەگەڵیان مابایەن، نەیان دەتوانی پیلانەکەیان بەرێوەبەرن. نەیان دەتوانی لەیەک رۆژدا دوو رێبەری کورد بکووژن».

«ئەمن نازانم قاسملوو بۆچی فریوی رەسووڵی خوارد، چونکە ئیدی قاسملووم نەدیتەوە. چەند نامەیەکی بۆ ناردم، لە نامەکاندا گلەیی کردبوو بۆچی کەسانی سەر بە یەکیەتی هێندێک شتیان درکاندوە. ئەمنیش چونکە راستی دەکرد، لێم قبووڵ کرد. زۆر تووڕە بوو. ئەمنیش پێم گوت ئەتوش باش دەزانی کوردان نهێنی پارێز نین».

تاڵەبانی دەیگوت: «زۆرم پێ سەیرە وازوو بڕیاری داو قبووڵی کرد بێهیچ نیگابانێک بچێتە کۆبوونەوەکە. بەڵام، ئەرکی قاسملوو، پێش هەموو شتێک پارێزگاری لەخۆی بوو. هەڵەی فەنتییشی کرد. بۆچی دووجاران لەیەک شوێن وتووێژی کرد؟ چۆن قبووڵی کرد بێ نیگابانەکانی بچێتە ئەو شوێنە؟ هیچ کەس تێی ناگا بۆ».

بەڵام، قاسملوو لەسەر ئەو بڕوایە بوو کە کوردەکان لە وتووێژەکانی دیسامبرو ژانویەدا هەنگاوێکی چکۆلە چوونەتە پێش: «لە بابەتە بناخەییەکان لەبارەی پێداچوونەوە بە چلۆنایەتیی خودموختاری بۆ کوردستاندا رێککەوتنێک پێک هاتبوو»[1].

لە کۆبوونەوەکانی سەرەتاییدا لە حاڵێکدا کوردەکان هێشتا پابەندی ئەو دروشمە بوون کە حیزبەکەیان پێشتر پەسنی کردبوو: «دیموکراسی بۆ ئێران، خودموختاری بۆ کوردستان»، هیوادار بوون وتووێژەکە بەئاکامێک بگا. دروشمێکی ئەوتۆ لە جیهانی سێهەمدا باو نەبوو، بەڵام، بۆ ئەو کەسانەی حیزبەکەیان باش دەناسی شتێکی نائاشنا نەبوو. لەو سەردەمەدا کە دەوڵەتی

١ - بۆیەکەم جار لەمێژووی وتووێژەکانی حدکا دەگەڵ تاراندا، نوێنەرەکانی ئێران لە باری ئوسوولییەوە، داواکاری بۆ خودموختاریی کوردستانی ئێرانیان رەد نەکردبۆوەو زمانی کوردییشیان هاوشان دەگەڵ زمانی فارسی لەکوردستان بە رەسمی ناسیبوو، مافی خوێندن بە زمانی کوردی لەخوێندنگەکانیان بەرەسمی ناسیبی حدکاو مافی چاپەو بڵاوکردنەوە رۆژنامەو گۆڤارەکان بە زمانی کوردی لەلایەن نوێنەرەکانی ئێرانەوە قبووڵ کرابوون. مارک کراوێتز، لە رۆژنامەی لیبراسیۆندا (حەوتی ئاگوستی ١٩٨٩) بەپێی رۆژنامەی ئینیدیپێندنت . ی لەندەن (٢٥ی ژوئیەی ١٩٨٩)، وتووێژەکانی پێشتر تەواوفوقیان لەسەر کرابوو: حدکا بە رەسمی بناسری و بەرنامەی ئاوەدان کردنەوە لە کوردستان دەست پێ بکا.

مه‌لا عه‌بدوڵلا له‌و به‌شه‌دا وته‌كانی تاڵه‌بانیی كه له پاریس بۆ نووسه‌ری كتێبه‌كه‌ی باس كردبوون ته‌زویر كردوون"

Ghassemlou should have realized Why Iranian cut us out of the negotiation: It was because they had prepared everything, and with us involved, they could not do it. They could not kill 2 Kurdish leaders at one time.

مانـای ئه‌و دوو هێڵـه‌ی سه‌ره‌وه ئه‌وه‌یه: " قاسملوو ده‌بوو ئه‌و واقعییه‌تـه‌ی زانیبا كه ئێرانییه‌كان بۆچی ئێمه یـان (ینـك) لـه وتوێژه‌كـان وه‌ده‌رنـا. له‌به‌رئه‌وه بوو كـه ئـه‌وان[ تێرۆریسته‌كانی رفسنجانی] هـه‌موو شـتێكیان ئامـاده‌كردبوو. ئـه‌وان بـه‌بوونی ئێمـه [له‌وتووێژه‌كـه‌دا] نه‌یانـده‌توانی ئه‌وكاره‌بكـه‌ن. ئـه‌وان نه‌یانـده‌توانی هاوكـات دوو رێبـه‌ری كـورد بكـوژن. سـه‌قه‌تكراوی ده‌قه‌كـه‌ی مـه‌لا عه‌بـدوڵلاش لـه ده‌قه‌كوردییه‌كـه‌دا لـه‌و وێنه‌یه‌ی روبه‌رودا ببینه!

سه‌باره‌ت به‌و وتانه‌ی تاڵه‌بانیی كه گووتوویه : قاسملو لـه جـولای ١٩٨٩ بێ ئه‌وه هیچ كـه‌س ئاگاداربكـا بێجگـه لـه هاوژینه‌كـه‌ی، چه‌نـد ئاشـنای فه‌ره‌نسیی و ره‌سول و به رێكه‌وت بنبێلا چوو بوو بۆ ڤییه‌ن جێ رامانـه. مه‌به‌سـتی تاڵـه‌بانیی لـه "هیچكـه‌س كـه ئاگـادار نـه‌كرابێ "خۆیـه‌تی. تاڵه‌بانیی له‌و كاته‌دا له تاران بووه. له‌لایـه‌ن ئه‌نـدامانی سـه‌ركردایه‌تیی حـدكاو جاسوسـه‌كانی خـۆی كـه رۆژانـه لـه گه‌وره‌دێوه(شـوێنی ده‌فتـه‌ری سیاسیی حـدكا بـۆ یاخسـه‌مه‌ر (ناونـدی مه‌كته‌بی سیاسیی تاڵـه‌بانیی و شوێنی ژیـانی تاڵـه‌بانیی، لـه چه‌نـد كیلۆمیتریی گـه‌وره‌دێ) لـه چـوونی د.قاسملوو بۆ فه‌ره‌نسه ئاگادار كرابـوو. بـه پێچه‌وانـه‌ی وتـه‌ی تاڵـه‌بانیی د.قاسملوو لـه فه‌ره‌نسـه بـووه نـه لـه ڤییـه‌ن. فـازل ره‌سوڵی نوێنـه‌ری تاڵـه‌بانیی لـه ڤییـه‌ن نـاردرابوو بـۆ فه‌ره‌نسـه كه پێشـنیاری درێژه‌دانـی وتووێژه‌كه‌ی ٦ مانگ به‌رێ به د.قاسملوو رابگه‌یه‌نێ. تاڵه‌بانیش له‌و پێشـنیاره و لـه ناردنی فـازل ره‌سول بـۆ پـاریس ئاگـادار ببـوو. به‌ڵگـه‌ش

ئاگاداربوون و راگەیاندنی براکانی فازل رەسوڵ بە پۆلیسی دادوەریی و هاوکاریی کردنی فازل رەسوڵ لەگەل تێرۆریستەکان ( صحرارودی ، بزرگیان و اجوادی)لە هاتنیان بۆ ڤییەن و لە بەڕێوەبەریی دەفتەری تالەبانیی لە ڤییەن بووە. براکانی فازل رەسوڵ و بە تایبەتیی بە ئەزموونترینیان بە وردیی بۆ پۆلیسی دادوەریی ئوتریش ئەو بابەتەی باس کردبوو. ئەو برایەی فازل لە دەفتەری یەکێتیی نیشتمانیی لە ڤییەن بەرپرسی پێوەندییگرتنەکە بووە و لە رەوتی کارو بەرنامەکانی فازل و ئێرانییەکان ئاگادار بووە. بەشێک لە پلانی رژیم بۆ لەداوخستنی د.قاسملوو پێشتر لە کرماشانەوە لەلایەن صحراروديیەوە کاری بۆ کرابوو. صحرارودی لەکرماشان چاوی بە نوێنەرێکی پارتی دێموکراتی کوردستانیش کەوتبووو فریوی دابوو و زانیارییەکی گرنگی لەو نوێنەرەی پارتی دێموکرات وەرگرتبوو کە لەجێی خۆیدا باسی دەکرێ. دەزگای جاسوسیی رژیم لە تاران بە تەلەفون لەگەل دەفتەری ینک لە ڤییەن لە پەیوەندیی دابووە. ئیدیعای ئاگادار نەبوونی تالەبانیی لەو مەسەلەیە بە پێی ئەوزانیارییانە لە جێدانییە.

تالەبانیی و نوێنەرەکانی : کەمال فوئاد و فوئاد معصوم[3]، لەرەوتی پلانی " وتوێژەکە... ئاگادار بوون. ئەو زانیارییە دوای تێرۆری د.قاسملوو و عەبدوللا قادریی لەلایەن سوزانەی ژنی فازل رەسوڵەوە درابوو بە پۆلیسی دادوەریی ئوتریش. تەنیا شتێکی کە ئەوسێ کەسە لێی ئاگادار نەبوون شوێنی ئەو مالەبووە کە دەبوو دوکتور قاسملوو عەبدوللا قادریی تێدا بکوژرێن.

## پلانی کوشتنی د.قاسملوو لە دەوری یەکەمی وتوێژەکاندا لە ڤییەن

تائێستا باسی ئەو واقعییەتە نەکراوە کە پلانی تێرۆری د.قاسملوو بۆ دەوری یەکەمی وتووێژ واتە رۆژەکانی ٢٨ دێسامبری ١٩٨٨ تا ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩داریژرابوو. لێرەدا باسی یەکەم ساتی ئەو وتوێژە و پەیامی تالەبانیی رادەگرین بۆ بەشەکانی دادێ و دواتر بە وردیی باسی دەکەین. دوو بەلگەی حاشاهەلنەگر و سەلمێنەر بۆ ئەو ئیددیعایە دوو روداوە کە ئەو واقعییەتەیان ئاشکرا کردووە:

١– راپۆرتێکی پۆلیسی دادوەریی پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو، باس لە کرینی ئاپارتمانێک بۆ ئەحمەد بنبێلا سەرۆک کۆماری پێشتری ئەلجەزایردەکا کە لە سێپتامبری ١٩٨٨ لە شاری ڤییەن بە قیمەتی ملیۆنێک و چوارسەت و پەنجا هەزارشیلینگ لەلایەن باڵوێزخانەی ئێران بۆ بنبێلا کڕدراوە. مەبەست لە کرینی ئەو ئاپارتمانە بۆبنبێلا کێشانی ئەوکابرایە بۆ یارییکردنی دەوری ناوبژیوان و دلنیاکردنی د.قاسملوو بە جیددی بوونی وتووێژەکە بووە. لە واقیعدا بنبێلا بەڕێوەبەری پلانی رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ ناو تۆڕی تێرۆر بووە.

کرینی ملک، دوکان،بە تایبەتیی بیناو کارگە و بۆ کەسانێک کە لەگەل دەزگای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران تێکەل دەبوون شەیتانیی ترین سیاسەتێک بووە کە ئاخوندەکان بۆ راکێش کردنی جاسوس و بەرێوەبردنی پلانی تێرۆری دژبەرانی ئاخوندەکان بەرێوەیان بردووە.

فازل رەسوڵ کە ئەرکی کرینی ئەو ئاپارتمانە و دانی قیمەتەکەی و تاپۆکردنی بە ناوی بنبێلا لەو دەفتەرخانەیە لە ئەستۆ بووە کە ئادرەسەکەی لە دەقی راپۆرتی پۆلیسدا نووسراوە.. لەو راپۆرتەدا بە وردیی باس لە کرینی ئاپارتمانێک لە مەنتیقەی یەکی شاری ڤییەن، قیمەتەکەی وناوی دەلاڵەکە ( فازل مەلا مەحمود) کراوە کە بۆ بنبێلای کڕیبوو. تەنانەت لە راپۆرتی پۆلیس دا لە خاوەنی دەفتەرخانەکە سەبارەت بە وە کە بۆچی فازل رەسول ئەو ئاپارتمانەی بۆ بنبێلا کریوە پرسیار کراوە. کرتە بۆ [ئێرە](#) بکەو Ctrl دابگرە. وەرگێردراوی ئەو راپۆرتە بە زمانی کوردیی پێشتر لەیان خاوەنی ئەولێکۆلینەوەیە وە بلاو کراوەتەوە.

٢– کڕینی مۆتۆرسیکلێتێک لەلایەن صحراروديیەوە لە سێپتامبری ١٩٨٨ بۆ راکردنی خۆی و تێرۆریستە شەریکە تاوانەکەی کە دوای تێرۆری د.قاسملوو بۆ گەیشتنیان بە فرۆکەخانەی ڤییەن کەلکی لێوەربگرن.

چ هۆیەک ئەو پلانەی وەدواخستبوو نەزانراوە. لەمەرئیددیعای تالەبانیی کە گوایە د.قاسملوو فریوی فازل رەسولی خواردبوو و تاوانبارکردنی ناوبراو بە فریودانی د.قاسملوو، هەروەها نووسینی نامەی گلە و گازەندەی د.قاسملوو بۆ تالەبانیی لە لاپەرەی ٢٢٢ دەقی ئینگلیزیی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد، ئەمانە هیچی لە جێدانین. <u>چونکە بێ بەلگەن. هەروەها فازل رەسول و بنبێلا بۆ بەرێوەبردنی ئەو پلانە بە پێی ناوەرۆکی لێکۆلینەوەکان لە لایەن تالەبانيیەوە بە د.قاسملوو ناسێندرابوون.</u>

<u>تالەبانیی بۆ متمانە کردنی د.قاسملوو بە فازل رەسوڵ، لەدەوری یەکەمی وتوێژدا فازل رەسولی بە دوو دەمانجەی ژنەکەیەوە کردبوو بە بادیگاردی خۆی و تێرۆریستەکان تا د.قاسملوو ئەو کابرایە بە کەسێکی باوەرپێکراوی بزانێ.</u>

---

3 _ http://www.persiangulfstudies.com/fa/index.asp?P=NEWSVIEW&ID=333

بۆناسینی فواد معصوم بروانە ئەو لینکەی سەرەوە بە زمانی فارسیی

تالەبانیی لە رۆژی ١٩٨٨ /١٢/٢٨ بە بەشداریی خۆی و نەوشیروان مصطفی، وتویژی صحرارودی و اجوادی لەگەل د.قاسملووو عەبدوللا قادریی ئازەر لە ماڵی لایەنگرێکی خۆی بە ناوی "خەبات مارف " لە شاری ڤییەن رێکخست. وتویژەکانی دیکە لە رۆژەکانی ٣٠ی دیسامبری ١٩٨٨ و ٢٠ ژانویەی ١٩٨٩ بۆ متمانەکردنی د.قاسملوو بە فازل رەسول لەماڵی فازل رەسول و براکانی و بێ ئەوە پاسەوانێکی لێ بووبێ بەرێوە برد بوو.

فازل رەسوڵ و دەورێکی کە لەو پلانەدا گێڕاویە بە نوێنەرایەتیی تالەبانیی بووە. بروانە راگەیەندراوی باڵوێزخانەی ئێران لە ڤییەن و وتەکانی صحرارودی لە وتویێژ لەگەل رۆژنامەکانی رژیم لە تاران دوای گەڕانەوەی لە ڤییەن.

داستانی چوونی تالەبانیی بۆلای لۆشناک، وەزیری ناوخۆیی ئوتریش و وەرگرتنی ماشێن و پاسەوان و حیکایەتی جبەخانەی دەرەوەی ینک لە ڤییەن و ئیددیعای مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بۆ هەبوونی ٢٧ پاسەوانی چەکدار لەکاتی وتوویێژدا لەشەقام و دەوروبەری ماڵی لایەنگرەکەی تالەبانیی هە موو ناراست و هەڵبەستراو بوون.

لە ساڵی ٢٠١٥ لەمەر تێرۆری د.قاسملوو دا پاسدارێکی رژیمیش ئیددیعای کردبوو کە صحرارودی بە گوللەی دەمانچەی د قاسملوو بریندار ببوو. سەرچاوە خەبەرییەکانی مصطفی هجری و مەلا عەبدوللاش لەقۆڵەکەی ژێردەسەلاتی زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسدارانەوە وتەی ئەو پاسدارەیان بە ئاشکراکردنی نهێنییەکی رژیم قۆزتەوە. ئەوەش درۆیەکی دیکەبوو بۆ تاوانبارکردنی د.قاسملوو بە تێرۆرو دیفاعی صحرارودی لە خۆی و لابردنی تاوانی جینایەت لەسەر سیستمی جینایەتکار. ئەو خاپێنەرانە بیریان لەوە نەکردووەتەوە کە دوای جینایەتەکە چەکەکان دۆزرابوونەوە. جلو بەرگی تێرۆرکراوانیان پشکنی بوو. چەشنی پوکەو گوللەکان لە تاقیگەدا دیاری کرابوون . سەرجەم ١٦ پوکە لە ئاپارتمانەکەدا دۆزرابوونە کە بە دوو چەکی لاماو بێراتەی دەنگبڕلەسەر، تەقێندرابوون. ٩ گوللە لە لەشی تێرۆرکراوەکاندا مابوونەوە و ٦ گوللەی دیکە لەلای پزیشکە قانوونییەکان بۆ ناردنیان بۆ تاقیگە راگیرابوون. ئەگەر د.قاسملوو بە وتەی تالەبانیی " دەمانچە" ی پێبووبایە و صحرارودی پێ بریندارکردبایە دەبوو "دەمانچە و گوللە تەقێندراوە ئیدیعاکراوەکە لە گەل ئەوانی دیکە دۆزرابایەوە. بەلام شتێکی ئاوا لە چەشنی تەزویرەکانی مەلا عەبدوللایە و وجودی نەبووە. چەکێکی یوزیی یان تەماتێرێک کە جینایەتکاران پێیان ببوو کەلکیان لێوەر نەگرتبوو. ئەوچەکانە بە خڕییدۆزرابوونەوە. ئەی ئەو دەما نچەیەی کە تالەبانیی ئیددیعای کردبوو بۆچی لەدەوری دووهەمدا نەدیترابۆوە؟ ئەگەر جیالەو دوو چەکە ( لاماو بێرێتا)یە چەکێکی جیالەو دووە لە کاردابووایە بە سانی بۆ کارناسەکان ئاشکرا دەبوو ! نەزەری پزیشکیی قانوونیی ئەوە بووە کە د.قاسملوو و فازل رەسول لە یەکەم دەسرێژدا کوژرابوون و دەرەتانی هیچ کاردانەوەیەکیان لە بەرامبەر تێرۆریستەکاندا نەبوو.

## بنبێللا و ئاشنایەتیی د.قاسملوو ؟

بنبێللا لە بەیروت کۆنە ئاشنای تالەبانیی و فازل رەسوڵ بووە. تالەبانیی بنبێللای بۆ لای ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، فلاحیان و بنیصدر کە ئەوکاتە سەرۆک کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو ناردبوو. بنیصدر لە کتێبی :" کارنامە روزهابر رئیس جمهور چگونە میگذرد) نووسیویە:" دوشنبە ١٦ تیرماە ١٣٥٩. بعداز ظهر یک الجزایری نزد من آمد.و در بارە جریان تفکر بن بلا صحبت کردکە او کاملا تفکر اسلامی پیداکردە و در این تفکر بە خلوص رسیدە است. او پیشنهادی دربارەبین الملل اسلامی داشت .

دواتر بنبێللا وەکو فازل رەسوڵ بووەبە شیعەیەکی لایەنگری خومەینییو بۆ رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ ناو تۆڕی تێرۆر کاریان پێئەسپاردووە. هیچ بەڵگەیەک بۆ ئاشنایەتیی د.قاسملوو وبنبێللا لە دەست دانەبووە. ئەو ئیددیعایەش کە پێشتر د.قاسملوو لەگەل ئەو عەرەبە سەلەفییە ئاشنا بووبێ بێ بەڵگەیە و بە هەڵکەوت د.قاسملوو ئەو کابرایەی دیتبێ ناراستە.[4] دیتنی ئەو کابرایە بەپێی بەرنامەی دارێژراوی فازل و باڵوێزخانەی رژیم لە ڤییەن و تالەبانیی بووە.

١٧ وەزارەتخانەی رژیم و باڵوێزی ئێران، نقرەکار، انصاری بەرپرسی ئەمنییەتی باڵوێزخانە و کارگێری ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران، وەزارەتی اطلاعات، جاسوسەکانی رژیمی کۆماری ئیسلامیی لە کرماشان ( ناوەندی قەرارگای رەمەزان)و لە ناوخۆی حدکاو یەکێتیی نیشتمانیی، دژبەرەکانی د.قاسملوو، لە ناوخۆو لە دەرەوەی حدکا، لەپلانی تێرۆری د.قاسملوو و د.شەرەفکەندیی بۆ توناکردنی حدکا و دوو رێبەرە کەی لە هاوکارییەکی سازماندراودا بەشدار بوون. لەسەر دەوری بنبێللا و فازل رەسوڵ بۆ رکێش کردنی د.قاسملوو بۆ ناو تۆڕی تێرۆر و دەوری مەلا عەبدوللا بۆ چەواشەکردنی زانیاریی لەسەر ئەو دوو کەسە، زانیاریی زۆر لە لایەن لێکۆلەرەوەکانەوە کۆکراونەوە کە دەخرێنە بەر چاوی خوێنەر.


4 _ https://drive.google.com/file/d/0Bydht7UU19z2ZTROeXhkOThlWkU/view?pli=1

**هاوکاریی مەلا عەبدوللا لەگەل ئیتیلاعاتی سپای پاسداران و بکوژانی د.قاسملوو**

لە لێکۆلینەوەیەکی کورت دا کە خاوەنی ئەم قەلەمە لەسەرکتێبی نسکۆو دابران، نووسینی مصطفی هجری، سکرتێری حدکا بڵاوی کردەوە، نیشانی دا کە مەلا عەبدوللا دڵسۆزتر لە دەسەڵاتدارانی حاکم بۆ رژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران کاریکردووەو سەرانی ئەو رژیمەی بۆ کوشتنی دژبەرەکانیان هان داوە. ناوبراو لە وتوێژێکی تایبەتیی‌دا کە سایتی وێراش لە 2010/02/03 10:28 بە وێنە بڵاوی کردبووە ئامۆژگاریی بە ئاخوندەکانی حاکم کردبوو وگوتبووی : " هەڵوەشاندنەوەی سزای لە سێدارەدان لە ئێران کارێکی باش نیە.‘‘[5].

مەلا عەبدوللا ئەو پێشنیارە داعشییەی لە حالێک دا بە سەرانی رژیم کردبوو کە دەیان لایەنگری رێکخراوە تەزویرییەکەی خۆی و هەزاران مەحکوم بە ئێعدامی ئازادیخوازانی گەلانی ئێران لە ناو زیندانەکانی رژیمدا بوون و چاوەروانی مەرگیان دەکرد. کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە! هەروەها بروانە ئەو لینکە![6]

لیرەدا بۆ ئەوە دژایەتیی مەلا عەبدوللا لەگەل مرۆڤ و مافەکانی و پێوەندیی ناوبراو بە " سیستمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامیی " یەو ە ببینی وێنەیەکی دیکە لە تەزویری ناوبراو لە پێداچوونەوەکەی خۆی بە وەرگێردراوی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان (لاپەڕەی ۲۲۷پاراگرافی ۲) دەقیئینگلیزیی کە لە پێداچوونەکەی بە دەقی کوردیی کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد لاپەڕەی ۲۵۲ کە ٦ هێڵی لە لایەن مەلا عەبدوللاوە ==سانسۆر کراوە== نیشان دەدرێ.


Carol Prunhuber 227

received reliable reports about three hundred executions, but estimated that there may have been thousands. According to one report, eight hundred and fifty prisoners had been executed and their bodies transported in secret to the cemetery of Behesht Zahra to be buried in a common grave. Another story said that six hundred had been found dead after a mass execution following an explosion and fire in the Evin Prison near Tehran. Thirty-six clerics were executed during the month of November.[272]

According to Karim Lahijidi, president of the League of Defense of Human Rights in Iran, between September and November 1988 the regime executed more than three thousand political prisoners who were serving their prison time. They were people who had been sent to summary trials—trials that lasted three minutes, without respect for the judicial process—and were condemned to prison.[273]

The situation was so serious that Montazeri wrote, on October 14, 1988: "People have complained to me that family members that were serving small sentences for political offenses had been executed without any explanation. This is not the way Islamic justice should be acting. . . . If the authorities continue ignoring public opinion, the people will turn against us in armed opposition."[274]

On November 1, Montazeri wrote to the prime minister: "The present shortage of supplies, discrimination, social injustice, low salaries, depressed sectors of society, and exorbitant prices are a natural consequence of your government. We are not going to resolve anything by torturing, imprisoning, and executing our opponents. It is clear that this repressive political maneuvering has distanced the people from the authorities. What the arbitrary detentions and torture of people have provoked is our isolation from the international community. Islam is based on principles of forgiveness and compassion, but we still need to learn this from the noble legacy of the Prophet."[275]

Around mid-November, in a veiled reference to Montazeri, Khomeini denounced those who "through slogans and deceptive propaganda increase the people's expectations from the regime."

The government decreed an amnesty, but even so there were still more than one thousand leftist detainees in the prisons. "The people of the world think that in Iran, our only task is to kill people,"[276] wrote Montazeri on February 12, 1989.

ئەو دەقە سانسۆر کراوە راپۆرتێکی کەریم لاهیجیی سەرۆکی مافەکانی مرۆڤە کە کارۆل پرۆن هۆبێر بۆ کتێبەکەی خۆی راگواستووە. دەقە سانسۆر کراوەکە لە وێنەی لاپەڕەی ۲۲۷ روبەرو و لە پاراگرافی ۲ دا ببینە کە دەبوو لە لاپەڕەی ۲۵۲ دوای هێلی ۳ و بەرلە خەتی ٤ لە پێداچوونەوەکەی مەلا عەبدوللادا بنووسرێ. ئەو راپۆرتەی لاهیجی لە لایەن مەلا عەبدوللاوە بۆ لایەنگری لە رژیمی جینایەتکاری خومەینیی سانسۆرکراوە. تەرجەمەی راپۆرتە تەزویرکراوەکەی مەلا عەبدوللا لە خوارەوەبخوێنەوە!

*" کەریم لاهیجی، سەرۆکی مافەکانی مرۆڤ، بەپێی راپۆرتێک، رایگەیاندووە کە رژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە نێوان سێپتامبرو نوامبری ۱۹۸۸، زیاتر لە ==۳۰۰۰== زیندانیی سیاسیی ئێعدام کردووە کە کە ماوەی سزاکانیان لە زینداندا تێپەر دەکرد. ئەوانە کەسانێک بوون کە لە دادگاییەکی ۳ خولەکییدا حوکم درابوون و بێ ئەوە پەروەندەیەکی دادرەسییان هەبووبێ بە زیندان مەحکوم کرابوون*[273]. " کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrlدابگرە!

گرنگیی سانسۆری ئەو راپۆرتە لەلایەن مەلا عەبدوللاوە لەوەدایە کە ئەو رووداوە سامناکە لەلایەن ئایەتوللا مونتەزیرییەوە تەئیید کراوە و لە بیرەوەریی یەکانی‌دا نووسیویە. مەلا عەبدوللا باش دەزانێ کە وەلانانی منتظری لە پێوەندیی بە ئاشکراکردنی ئەو مرۆڤکوژییەوە بووە. کاردانەوەیەی ئەو راپۆرتەی کەریم لاهیجی کە بە نوێنەرایەتیی سازمانی لێبوردنی ناو نەتەوەیی بڵاوکراوەتەوە گرنگییەکی تایبەتیی و کاردانەوەیەکی بەهێزی لە جیهان‌دا هەبوو. رژیم لەبەرامبەر ئەو راپۆرتەدا زەبونە و رێگەیەکی بۆ دیفاع لەو تاوانە دژی بەشەرییە نەبووە. مەلا عەبدوللا بۆ خزمەت بە رژیم، هەموو کارێکی کردووە. هاوکاریی مەلا عەبدوللاو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و پاکانەکردن بۆ قاتلەکانی

---

5 https://werash.wordpress.com/2010/02/03/6/

6 https://werash.wordpress.com/2010/02/03/6/

**ڕێبەرانی حدکا و هاوکاریی کردن لەگەڵ تێرۆریستەکانی سە ر بە زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران بۆ تێرۆر، گوللەباران کردن، فرۆشتن و بێ سەروشوێن کردنی سەدان ئەندامی حدکا لەم لێکۆلینەوەیەدا ئاشکران و رێگەیەکی بۆ دیفاع نە هێشتووەتەوە.**

سانسۆری ئەو واقعییەتە لە کتێبی خاتو کۆرۆل کە لە راپۆرتی مافناسێکی ئێرانیی وەرگرتووە و تێیدا باسی لە کوشتاری بە کۆمەڵی ۳۰۰۰ زیندانیی کردووە، بۆ نووسەر بەڵگەیەک بووە بۆ نیشاندانی داعشیی بوونی ئەو نیزامە و ئاسایی بوونی کردەوەی تێرۆریستیی ڤییەن و بێرلین لەلایەن تێرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە. ئەوەش بۆ مەلا عەبدوللای حەسەنزادە تووەوە لە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک دا قبووڵ نەکراوە. لەبەر ئەو هۆیە بووە کە لە بیست و دووساڵی رابردوودا جیهان لە تێرۆری سەدان تێرۆرکراوی حدکا لە ناوچەی ژێردەسەلاتی تالەبانیی ئاگادار نەکراوە. جینایەتێک کە مەلا عەبدوللا و هاودەستەکانی دژ بە ڕێبەرانی حدکا، ئەندامان و لایەنگرانی ئەو حیزبە و خەیانەتێک کە بە بزوتنەوەی کوردیان کردووە لە ریزی کارەساتەکانی ئەنفال، کۆمەڵکوژیی هەڵەبجە و سەردەشتە. هەرکاتێ کە ئەندامێکی حدکا تێرۆر کراوە مەلا عەبدوللا ماشێنێکی دزێتیی خەڵات کراوە و ئەویش لە کۆڕی تازیە و خۆرانانردا بەڵێنیی داوە کە : ئەندامەکانی حدکا خۆڕاگر دەبن و ئەو جینایەتە تەحەممول دەکەن. بۆ ئەوە گەلی ئێمە لە هاودەستیی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە و تیمەکەی لەگەڵ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک ئاشنابێ، ئەو راگەیەندراوەی کومیسیۆنی" سیاسیی نیزامیی( ئۆرگانی تێکدانی مێشک و ورە) دەخەینە بەرچاو !


KURDISTAN

The Organ of the Central Committee of
Democratic Party of the Iranian Kurdistan

No: 248 AUGUST 1997

چاوپێکەوتنی دۆستانەی دوو هەیئەتی ڕێبەرایەتیی

حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە

لە چوارچێوەی ئەم دیدارو دانیشتنانە کە لە یەک ساڵی رابردوودا لە نێوان ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و ڕێبەرایەتیی کۆمەڵە (ڕێکخراوی کوردستانی حیزبی کومونیستی ئێران) بە مەبەستی ئاڵوگۆڕ کردنی بیرووراو بەرین کردنەوەی رادەی هاوکاری‌یەکانی نێوان هەر دوو لا لە گۆڕێ دابوو، سەعات ۱۰ی پێش نیوەڕۆی رۆژی پێنج‌شەممۆ ۲ی گەلاوێژی ساڵی ۱۳۷٦ی هەیئەتێکی کۆمەڵە بە سەرۆکایەتیی بەڕێز کاک برایمی علیزادە دەبیری یەکەمی کۆمەڵە لەگەڵ هەیئەتێکی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی هاوڕێی تێکۆشەر مامۆستا عبداللە حسن‌زادە سکرتێری گشتی حیزب لە یەکێک لە بنکەکانی سەر بە دەفتەری سیاسیی حیزب، دیدارو دانیشتنیان کرد.
لەو کۆبوونەوەیەدا وێڕای پێداگرتنەوەی هەردوو لا لەسەر پێویستیی هاوفیکری‌و بیروڕاگۆڕینەوە، کۆمەڵێک مەسەلە کەوتنە بەرباس‌و لێکۆڵینەوە. هەر دوو لا خۆشحاڵیی خۆیان دەربڕی کە لەسەر گەلێک مەسەلەی جۆراوجۆر بۆچوونی وەک یەکیان هەیەو دەتوانن لە هێندێک بارەوەو لە پێوەندی لەگەڵ ئەو مەسەلانەدا کە بۆ هەردوو لاگرنگ‌و جێی بایەخ پێدانن، هاوکاری بکەن.

پشتیوانی لە زیندانی‌یە سیاسی‌یە مانگرتووەکانی ئێران ۱۱

چەند هەواڵی دیکە لە تیرۆریزمی کۆماری ئیسلامی ۱۱

لە دەرەوەی ولات بۆ پێوەندی گرتن لەگەڵ رۆژنامەی «کوردستان» لەگەڵ ئەم ئادرێسەی خوارەوە پێوەندی بگرن:
AFK
B.P.102- 75623 PARIS
CEDEX 13 - FRANCE
Tel. 01458564310 , Fax. 0145852093

راگەیەندراوی کۆمیسیونی سیاسی - نیزامی

بەبۆنەی تیرۆری ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزب

هاونیشتمانانی بەڕێز!
خەڵکی خەباتگێری کوردستان!
حیزب‌و ڕێکخراوە سیاسی‌یەکان!

بەداخ‌و کەسەرێکی زۆرەوە رادەگەیەنین کە جارێکی دیکە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەستیان بە خوێنی رۆڵە ئازادیخوازو خەباتگێڕەکانی گەلی کوردسوور بووو جینایەتێکی دیکەیان خوڵقاند. پاش‌نیوەڕۆی رۆژی سێ‌شەممۆ رێکەوتی ۱۳۷٦/٥/۲۸ی هەتاوی (بەرامبەری ۱۹ی مانگی ئووتی ۱۹۹۷)ی زایینی لە هەژدەهەمین ساڵرۆژی دەرچوونی «فەرمانی جیهاد»ی خومەینی لە دژی گەلی کورد دا، لەحاڵێکدا ژمارەیەک لە تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران‌و کەس‌و کاریان بە مینی‌بۆسێکی کرێ لە شاری کۆیەرا بەرەو بنکەکانی خۆیان لە بازیانی نزیک شاری سلێمانی کوردستانی عێراق دەگەڕانەوە لە نزیک شارۆچکەی دووکان کەوتنە بەر دەستڕێژی چەکی کۆمەڵێک لە تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە پێشتر بە دوو ماشێن هاتبوونە ئەو شوێنەو کەمینیان دانابۆوە. لەو جینایەت‌و هێرشە دڕندانەیەدا ۳ تێکۆشەری خەباتگێری حیزب بە ناوەکانی:
۱.سعید مرادی خەڵکی شاری سنە،
۲.علی زکالە ئاسراو بە ئارمان خەڵکی شاری سنە،
۳.اسماعیل غکی خەڵکی شاری سەقز،
شەهیدکران‌و ۹ تێکۆشەری دیکەی حیزب بریندار بوون.
ئەم جینایەتە تەنیا ٥ رۆژ دوای تیرۆری دوو تێکۆشەری دیکەی حیزب بە ناوەکانی غالب علیزادەو امجد ملایی لە ناوەندی شاری سلێمانی، رووی داوەو بەم جۆرە لە ماوەی کەمتر لە حەوتوویەکدا لە دوو پیلانی تیرۆریستەکانی کۆماری ئیسلامی‌دا ٥ تێکۆشەری حیزب شەهیدو ۹ هاوڕێی حیزبی بریندار بوون. پێویستە بگوترێ لە دەسڕێژی رۆژی ۲۳ی گەلاوێژی ۱۳۷٦ی تیرۆریستەکان لە نێو شاری سلێمانی‌دا کەسێکی خەڵکی چەمچەماڵ بە ناوی فاتح شەهیدو چوار کەسی دیکەی خەڵکی سلێمانییش بریندار بوون.
بە بۆنەی ئەو جینایەتە دڵتەزێنەوە لە قووڵایی دڵمانەوەسەرەخۆشی لە بنەماڵەی شەهیدە سەربەرزو سوورخەڵاتەکان‌و خەڵکی بەشەرەفی شاری سنەو سەقزو هاوسەنگەرانی شەهیدەکان‌و هەموو خەڵکی کوردستان دەکەین. هەر لەو کاتەش‌دا ئارەزوو دەکەین کە بریندارەکان هەرچی زووتر چاک ببنەوەو بە سەلامەتی بگەڕێنەوە نێو هاوسەنگەرەکانیان.
ئێمە جارێکی دیکەدڵنیایی دەدەین بە دۆستان‌و دوژمنانی گەلەکەمان کە ئەو کردەوە تیرۆریستی‌یانە بە هیچ جۆر ناتوانن تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لە درێژەی خەبات لە پێناوی ئازادیی گەلەکەمان‌دا دڵسارد بکەنەوە بە پێچەوانە هانیان دەدەن کە لە بەرامبەر ئەو پیلان‌و زۆرداری‌و زەبرو زەنگەدا سەرسەخت‌تر لە جاران بەربەرەکانی بکەن‌و لە خۆیان‌و لە گەلەکەیان دیفاع بکەن.
* نەمری بۆ شەهیدە سەربەرزو سوورخەڵاتەکانمان.
* سەرشۆڕی بۆ دوژمنانی ئازادیی گەلەکەمان.

کۆمیسیۆنی سیاسی - نیزامی
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
۱۳۷٦/٥/۲۸
۱۹ی ئووتی ۱۹۹۷

بۆ هاوکاریی زیاتری هێزە دێموکرات و پێشکەوتووەکانی ئێران تێ بکۆشین

مەلا عەبدوللا نووسیویە: "

*" ئێمە جارێکی دیکە دلنیایی دەدەین بە دۆستان و دوژمنانی گەلەکەمان کە ئەو کردەوە تێرۆریستییانە بە هیچ جۆر ناتوانن تێکۆشەرانی حیزبی ئێمە لە درێژەی خەبات لە پێناوی ئازادیی گەلەکەمان دا دڵسارد بکەنەوە بە پێچەوانە هانیان دەدەن کە لەبەرامبەر ئەو پیلان و زۆرداریی و زەبرو زەنگەدا سەرسەخت تر لە جاران بەربەرەکانی بکەن و لە خۆیان و لە گەلەکەیان دیفاع بکەن.۱۹ئوتی ۱۹۹۷ کومیسیۆنی سیاسیی نیزامیی حیزبی دێموکراتی ئێران "*

کەسێکی وەکو مەلا عەبدوللا کە دێڕێکی لە زانستی سیاسەت نەخوێندبێ، پیی‌وابووبێ سیاسەت درۆکردنەو سیاسەتمەدار ئەوەیە بەرزەبەرزە بنیشێ و درۆی کەڵان بووشێ. ئەو کەسە تاکی شازی ئەو گروپەی کە د.قاسملوو لە ناو حدکدا کورتەی مێژووەکەیانی نووسیوە مەلا عەبدوللا حەسەنزادە بووبێ کە بە: ماکیاویلیستی خورێنی چەک و پارە، فریوو تەزویر پێناسەی کردوون هاوکاریی کردنی ئیتتیلاعات و زانیاریی ینک بۆ کوشتنی سەدان ئەندامی حدکاو ئاشبەتاڵ دەبێ بۆ راگرتنی لاوانی کورد لەو کوشتارگەیەدا ئیدەئا بووبێ.

مەلاعەبدوللا و سەرۆکی یەکێتیی نیشتمانیی و صەحراروەی داستانی سێ زەبەلاحەکەی مامۆستا هەژار و کوشکە بلورینەکەیان بۆ کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر ئەرزی واقیع دارشتووە. کورد درۆخۆش دۆستە. زۆریان باوەڵێن و بە بایەک جەزمە دەگرن. ئەو نووسەرەی حدکا کە فەرمایشتە زەردکراوەی نووسیوە لە هەرجێگەیەکی دیکە بووایە سەندمیان دەکرد و بەناوی داعشییەک یان بنلادەنییەک لە زیندانی گوانتانامۆ هەتاهەتا رایان دەگرت.


دڵنیاکردنی دۆستان و دوژمنان بەچی بۆ چی؟ دڵنیاکردن بە قرکردنی لاوی خەڵک کە لە قۆڵێکی پەنابەریی ژێردەسەڵاتی ئیتتیلاعاتی سپاو هاوپەیمانەکەیدا رزیوە؟ پەنابەری کۆیلە کراوی جیرەوەرگر کە مەلا عەبدوللا ئاشبەتاڵەکەی بە نوێنەرایەتیی و بە دزیی ئەو گەنجانەوە لە ۱۹۹٦/۷/۲٤ نووسیوە، قەوەزی پلاستیکی ئاژەلیان بۆ هێناوە کە نووسەری راکردووی تێکاو بیبا لە قوم و تاران وەکو درندە نومایشی بدا؟

ژمـاردنی چەنـد نـانی خـوراو و هـاموو شـۆی عیرفـانی قـانعی فـرد ، تەتـەری محسـن رضـائی بـۆلای مـەلا عەبـدولا لـەو ئۆردوگـا زۆرە ملییـە بەربـەرەکانیی سیاسـییە؟ ئەوگەلـەی کـە سـەدان کیلـۆمیتر لـەو قشـلەی مـەلا عەبـدولا و تالـەبانیی دوورە بـە جیرەوەرگرێکـی تالـەبانی و صـحراوردی ئـازاد دەکـرێ؟ ! بـەڵێ دوای ٢٢ سـاڵ خـەلکی ئێمـە و دوژمنـەکانی خەلکەکـەمان دلنیـان کـە ئـەوەی هـەیان بـووە قارەمانـانی کۆشـکی بلـورینی مامۆستا هەژار : چەورە و شەلاتیی ناوشار بە ناوی خۆیان تاپۆیان کردووە.

دووای رادانـی حـدکا بـۆ ژێردەسـەلاتی تالـەبانیی، پەروەنـدەی د.قاسـملوو خرایـە ژێربـەرەو کۆتـاییی بـە بزووتنـەوەی کـورد لـە رۆژهـەلاتی کوردسـتان هێنـرا. مەلاعەبـدولا بەرپرسـی رشـتنی دلـۆپ دلـۆپ خـوێنی هـەزاران مرۆڤـی کـوردە کـە رەنـج بـە خەسـاری کـردن، هەزاران ئەندامی حدکای فریودا و کردنی بە کۆیلە و بە ئاخوندەکانی قوم و تاران و نۆکەرەکانیانی فرۆشتن.


مـەلا عەبـدولا سـێ مانـگ و دەرۆژ دوای تێـرۆری د. شـەرەفکەندیی لـە ١٨ ژوئیـەی ١٩٩٣ بـە پێـی نەخشـەی رێگـای تالـەبانیی بـۆ صـحراوردی حـدکای لـە قەندیلـەوە بـۆ دەشـتی رەشـەباگری کۆیـە ڕادا و کـردی بـە پەنابـەری یـەکێتیی نیشـتمانیی و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران. بـە هاوکـاریی مـەلا عەبـدولاو تیمەکـەی سـەدان ئەنـدامی حـدکا لـە باشـوری کوردسـتان تێـرۆر کـراون. تالـەبانیی خـۆی لـە مـانگی دەی ١٩٨٦ ەوە بـە پێـی رێکـەوتنی تاڵـەبانیی و تیمەکـەی لـە تـاران لەگـەل محمـدباقر ذوالقـدر، تێرۆریسـتێکی مـافیوزیی سـەر بـە گروپـی شـیرازییەکانی نـاو ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران [7] کـرا بـە بەشـێک لـە ئیتتلاعـاتی سـپای پاسـدارانی کۆمـاری ئیسـلامیی ئێـران. لەهـەلو مـەرجێکی ئـاوادا مـەلا عەبـدوللاش دەبـوو هەرجینایـەتێکی کـە دژی حـدکا دەکـرێ سەرپۆشـی بەسەردابکێشـی و بۆمانـەوەی خـۆی هاوکـاریی تالـەبانیی و زانیـاریی ینـک و ئیتتیلاعـاتی سـپای پاسـداران بکـا. لـەو بەڵگەنامەیـە جـارێکی دیکـەش کرتـە بـۆ ئێـرە و ئێـرە بکە و Ctrl دابگرە!

نەوشـیروان مصـطفی لـە کتێبەکـەیدا بـە نـاوی" خولانـەوە لـە نـاو بازنـەدا لاپـەرەی ١١٢ "بـەم شـێوەیە بـاس لـەو رێکەوتنـە لەگـەل " ئێـران" دەکـا :" لـە تشـرینی یەکـەمی ٨٦ [ ١٩٨٦] مـام جـەلالیان دەعـوەت کـرد.[8] " مـام جـەلال لەگـەل وەفـدی یـەکێتی کـە پێـک هـاتبوو لـە : فەرەیـدون عەبـدولقادر، د.کـەماڵ خۆشـناو، دارا حەفیـد ، رەفعـەت عەبـدورەحمان، شـێردڵ حـەویزی، چـون بـۆ ئێـران. دەقـی نووسـراوەکەی نووسـەرلەو وێنەیـەدا و لەبـەر گرنگیـی ئاکامێـک کـە ئـەو " رێکـەوتن" ە ی تالـەبانیی و وەفدەکـەی بـۆ بزووتنـەوەی کـورد لـە رۆژهـەلات و باشـوری کوردسـتان بوویـەتی لـەو وێنەیـەی خوارەوەدا ببینە!


رێککەوتن لە گەڵ ئێران
دوای فەتحی یەک ئیتر ئێران لە گەڵ یەکێتی نزیک کەوتەوە و لە توانای جەنگیی یەکێتی و نفوزی لە ناو کورد و ئاگاداری لە سەر هێزە چەکدارەکانی عیراق، باشتر تێگەیشتن. پێویستیەکی زۆریان بەوە هەبو، جەبهەی کوردستان گەرم بکەن، یا هیچ نەبێ وای لێ بکەن بەشێکی گرنگی جەیشی عیراقی خەریک بکا.
لە تشرینی یەکەمی ٨٦ دا مام جەلالیان دەعوەت کرد. مام جەلال لە گەڵ وەفدی یەکێتی کە پێک هات بو لە: فەرەیدون عەبدولقادر، د. کەمال خۆشناو، دارا حەفید، ڕەفعەت عەبدوڕەحمان، شێردڵ حەوێزی، چون بۆ ئێران، لە سنورەوە پێشوازیەکی ڕەسمیی و گەرمیان کردن. لە تاران، جگە لە موحسینی ڕەزائی، جێگری فەرماندەی گشتی سپای پاسداران و، موحسینی ڕەفیقدۆست، وەزیری پاسداران و، سەرانی سپا، هاشمی ڕەفسنجانی یشی بینی بو، کە ئەو دەم سەرۆکی مەجلیسی ئیسلامی ئێران و، لە هەمان کات دا فەرماندەی کاربەدەستی قەرارگای
١١٢

' کتێبـی خولانـەوە لـە نـاو بازنـەدا" نووسـینی نەوشـیروان مصـطفی ئـەمین، کەسـایەتیی سیاسـیی ژمـارە ٢ی ینـک و دواتـر دامەزرێنـەری بزووتنـەوەی گـۆڕان بـووە. بـۆ خوێندنـەوەی سەرجەمی ئەو کتێبە کرتە بۆ ئێرە بکە و Ctrl دابگرە!

ئەورێکەوتنـەی تالـەبانیی و وەفدەکـەی لەگـەل بـاقری ذوالقـدر بـە ئیقـراری تاڵـەبانیی و نەوشـیروان مصـطفی بـووە بـە زەمینـەخولقێنی کارەسـاتی ئەنفالـەکان، کارەسـاتی زینـدە بـەچالکردنی٨٠٠٠ بـارزانیی ، کارەسـاتی هەلەبجـە و سەردەشـت.بروانە راپـۆرتی تالـەبانیی بـۆ پلێنـۆمی چـواری ینـک 29-10/31/ 2009 ، دیفاعنامـەی " لـە هاوخەباتیـەوە بـۆ تـەخوین، نووسـینی نەوشـیروان مصـطفی ئـەمین و کارەسـاتی کۆمەلکوژییەهەلابجـە و کۆمـەلکوژیی ٨٠٠٠ بـارزانیی و کارەسـاتی سەردەشـت [ ١٠٩ کـوژراوو دەهـەزار برینـدار ! کرتـە بـۆ ئێـرەو ئێرەو ئێرە بکـە و Ctrl دابگـرە! بروانـە کتێبـی" بـوویی نآشـنا" خاطراتی از بمباران شیمیایی سردشت ، حسین محمدیان!


خاتم الانبیا و، بەهێزترین کەسایەتی سیاسی ئێران بو. زنجیرەیەک گفتوگۆی لە گەڵ کردن و ئەنجامی گفتوگۆکان لە گەڵ ئێران ڕێککەوتنێک و، بە ناوبڕی ئێران لە گەڵ ئیدریس بارزانی ڕێککەتنێکی تری ئیمزا کرد.
ڕێککەوتن لە گەڵ ئێران، لە باتی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان مام جەلال و، لە باتی جمهوری ئیسلامیی ئێران محەممەد باقر زولقەدر، کە ماوەیەک بو بە سەرۆکی ستادی سپای پاسداران، ئیمزایان کرد بو.
*

8_ نەنووسراوە کە تالەبانیی لەلایەن کێیەوە دەعوەت کراوە؟

بەڕێوە بردنی پلانی رادانی حدکا لە قەندیلەوە بۆ کۆیە بە فێڵ و گزییکاریی مەلاعەبدوللا و بە پلانی تالەبانیی و لەژێر گوشاری صحرارودی ( یەک لە قاتڵەکانی د.قاسملوو) گەورەترین دەسکەوتی تالەبانیی بووە کە بۆی لوا وەکو کالایەک لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران سەودای پێکرد. مەلا عەبدوللاش لەو پلانەیدا سودبەری سەرەکیی بووە، چونکە دەرفەتی دەستبەسەرداگرتنی سامانی حدکای بۆ رەخسا و لە تیرۆر خۆی پاراست و بۆ درێژەدان بە هاوکارییەکەی دەوری پۆلیسی قژلەکەی پێ ئیسپێردرا. بۆ ئتتیلاعاتی سپای پاسدارانیش تێکشکاندنی بەهێزترین و ئازادیخوازترین بزووتنەوەی کوردستان و ئێران، کوشتنی رێبەرانی ئەو حیزبە بووە کە جێگەی هێوای گەلانی ئێران بوون. توناکردنی ئەو بزووتنەوەیە خەونێک بوو کە مەلا عەبدوللاو تالەبانیی بۆ سیستمی جینایەتکاری ئاخوندەکانیان وەدیهێنا. لە مەلا عەبدوللا حەیاکیی بەرلەدامەزراندنی تەنزیمی تەزویریی " حیزبی دێموکراتی کوردستان" لە ماڵی نووسەری ئەم لێکۆلینەوەیە لەسەر ئەو سەدان تێرۆرکراوەی حدکالە پرس و جۆی لێکرا. مەلا عەبدوللا چرڕژا، گرژ بوو و گوتی: نازانم بۆچی دەچمە هەرجێیەک ئەو پرسیارەم لێدەکەن. چەندجار بیڵێم کە: " جەلال تالەبانیی ٤٦ کادیری خۆی لەسەر ئەو پێشمەرگانەی حیزب ئێعدام کردووە. لێم پرسێ : بێزەحمەت ناوی چەند کەس لەو ئێعدامکراوانەم پێ بڵێ. بەسەرسوڕمانەوە لێیڕوانیم و گوتی: ئەوان [ تالەبانیی و هاوکارانی] چۆن دەوێرن ناویان بڵاو بکەنەوە. پێم گوت دەوریرن ئێعدامیان بکەن بە لام ناوێرن ناویان رابگەیەنن؟ ! ماوەیەک دواتر کە دەرفەتی دیداری سەرۆکی "رێبەرایەتیی شۆرشگێڕی حدکای بەرێ بۆ خاوەنی ئەم دێرانە رەخسا، ئەو باسەم بۆجەنابی جەلیل گادانی گێڕایەوە و لێم پرسی ئاخۆ ئەوەی کە حەسەنزادە لە ولامی پرسیارێکی مندا باسی کرد و گوتی کە تالەبانی ٤٦ کادیری خۆی بەتاوانی تێرۆری ئەندامانی حدکا ئێعدام کردووە راستە؟ گادانی لێبراوانە ئیددیعای مەلا عەبدوللای رەت کردەوە و گوتی نەخەیر کەی؟ لە کوێ؟ کێ بوون؟!

حەسەنزادە بیری لەوە نەکردبۆوە کە بەو ئیددیعایەی کە کردی تالەبانیی و تەنزیمەکەی بە کوشتاری پەنابەرکردووەکان تۆمەتبار کرد و واقعییەتی ه تاڵی هاوکاریی و هاودەستیی خۆی لەگەل تالەبانیی، زانیاریی و تێرۆریستەکانی سەر بە ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران ئاشکرا کرد.

لە دادێدا ئامارو ناوی سەدان تێرۆرکراو ی حدکا لە باشوری کوردستان بە پێی بەڵگەنامەکانی بلاوکی کوردستان بلاو دەکرێنەوە. سەرەرنجراکێشە کە بە وتەی بەرپرسی ئەمنییەتیی مصطفی هجری ٣٠٤ ئەندامی حدکا لە باشوری کوردستان تێرۆر کراون. بەلام مەلا عەبدوللا گوتوویە ژمارەی کوژراوەکان ١١٠ تا ١١٥ کوژراو بوون. ئەوانی دیکە برینداربوون. لە ئاماری مەلا عەبدوللا دا ١٩٢ کوژراو وجودیان نەبووە و هجری زیاتری راگەیاندووە. دواتر ئاماری راستەقینەی تێرۆرکراوان. . وادیارە قیمەتی ١٩٢ فرۆشراوە کە لە لیستی گەندەڵیی مەلا عەبدوللادا وەکو پەروەندەی تێرۆری د.قاسملوو خرابێتە بن بەڕە.

ئازاد(داود ابراهیمی) ئامۆزا، هاودەست، موشاویر و موستەشارەکەی مەلا عەبدوللا کە بەڵگەی جاسوسییەکەی لە تێرۆری منصور یاقوتیی لە نزیک شارۆچکەی دوکان لە ماشێنی دەستبەسەرداگیراوی ئیتتیلاعاتی سپاو زانیاریی ینک کەوتە بەردەستی سەید منصور ناصری و مەلا عەبدوللای خستە ژێر پرسیاریش دەبێ لەریزی تاوانە فەرامۆشکراوەکاندا جێیبۆ کرابێتەوە. ڕاکردنی ئازادی موشاویری مەلا عەبدوللاو جاسوسی ئیتتیلاعاتی سپا و ئەنجن ئەنجن کردنی ساڵێک دواتری ئەوجاسوسە بە بریاری مەلا عەبدوللا لە نزیک گوندی گاگەش کارێکی نا ئاسایی بووە. ئەو جاسوسە یەکەم کەس و ئاخر کەس بووە کە بە تاوانی هاودەستیی لەگەل تێرۆریستەکان کە بە بڕیاری مەلا عەبدوللاو بۆ ئاشکرانەکردنی واقعییەتی هاوکاریی مەلا عەبدوللا لەگەڵ ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران و زانیاریی ینک کوژراوە.

هۆی لەت و کوت کردنی ئازاد بالە ( داود ابراهیمی) بە بێ لێکۆلینەوە و دادگایی کردنی ئەمارەیەکی بە هێزە بۆ لە ناوبردنی شاهیدی تاوانی هاوکاریی کردنی مەلا عەبدوللا و تێرۆریستەکانی سەر بە زانیاریی ینک و ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران. هۆی ئەوە کە ئازاد بالە بەشێوەی داعشیی و بەبێ لێکۆلینەوە و بی دادگاییکردنی ئەو گومانلێکراوە لەت و کوت کراوە بێ حیکمەت نەبووە. ناوبراو لە پێوەندیی بە هاودەستیی مەلا عەبدوللا بە ئیتتیلاعاتی سپا ی پاسداران وزانیارییەوە کە ئێعدامی سەید منصور ناصری و سێ هاورێکەی لە دەروازەی کۆیە ئاشکرایان کرد دەبێ باس بکرێ. بەرپرسایەتیی ئەو سەرگروپە داعشیی ئاکارە بۆ بەرێوەبردنی ئەو تێرۆرە بە بێ لێکۆلینەوە و دادگایی کردن وئەنجن کردنی تۆمەتبار کراو مەسەلەیەکی کراوەیە و کۆتایی پێنەهاتووە. بروانە لاپەرەی ٥٥٠، ٥٥١ و ٥٥٢ کتێبێ " ئەزمونی خەیاتی مەلا عەبدوللا حەسەنزادە.ئەو فەرمانبەرە رەشە کوژە ، بە مێشکیدانەهاتووە کە ئەوکارەی کە ئەو و دووهاورێکەی کردوویانە تاوان بووە.کێ دەستوری کوشتنی کەسێکی داوە کە دادگایی نەکراوە؟ داود بە وتەی مەلا عەبدوللا جاسوس بووە. لەگەل ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران

پێوەندیی هەبووە. بەلام داود موشاویرو بەرپرسی ئەمنییەتیی مەلاو و ژێردەستو هاوکاری مەلا عەبدوللا بووە.مەلا عەبدوللاش تۆمەتبار بە هاودەستیی ئازاد بووە. سەرۆکی ئازاد بووە. داود بە مافی ئەوەی هەبووە لێی بکۆڵنەوە. مافی ئەوەی هەبووە شەریکەتاوانەکانیشی وەکو ئەو بخەنە ژێر لێکۆلینەوە. ئازاد بریاردەر نەبووە. ئەو موشاور و موستەشری مەلا عەبدوللا بووە کە سەرۆکی بووە..ئەو دووکەسە تاوانێکی هاوبەشیان کردووە. مەلا عەبدوللا بۆ ئەوە خۆی لە لێکۆلینەوەی هاوکارەکانی دەربازبکا بریاری تیرۆری ئازادی داوە. ئەو مافی کوشتنی ئەو تۆمەتبارەی نەبووە، ئەوخۆی هاوپلەی تۆمەتبارەکە بووە. داود کارنامەی رەشی بەرپرسانی حدکای خوێندبۆوە. کارنامەی داود رەشتر لە کارنامەی هاوکاریی مەلا عەبدوللاو ئیتتیلاعاتی سپای پاسداران نەبووە.

ویلی برانت سەرۆکی دەولەتی ئالمان لە ١٩٦٩ تا١٩٧٤ بوو. دوای ئاشکرابوونی دەوری جاسوسیی قسەکەرێکی حیزبەکەی بۆ جمهوریی دێموکراتیکی ئالمانDDR بە ناوی گونتێر گوییۆم کە لە دۆستانی زۆر نزیکی ویلی برانت بوو خۆی لە کار کێشایەوە. مەلا عەبدوللا حەیاکیی نە دەستی لەکار کردن هەلگرت و نە رێگەی دا لەو تاوانەی هاوکارە نزیکەکەی بکۆلنەوە. لە بەرامبەردا بریاری دا بوو کە بە بێ لێکۆلینەوە و دادگایی کردن و سەلماندنی تاوانەکەی و ئاشکراکردنی هاوکارو هاودەستەکانی و دادگایی کردنی لەت و کوتی بکەن.

بەرپرسی بەرێوەبردنی ئەو تیرۆرە بەو کارە نامرۆڤانەی خۆی و دوو هاوکارەکەی کەسێکی تۆمەتبارکراویان کوشتووە نە تاوانبارێک. ئازاد بۆ ئەو تاوانە و سەتان تاوانی دیکەی ناو ئەو تەنزیمە فرۆشراوە بە تەنیا نەبووە. ئەو لە ئۆرگانێکدا ئەوکارەی کردووە کە خاوەنی رێبەریی و بەرپرس و تەنزیمێکی تایبەتیی بووە. ئەوکەسە بەتەنیا بەرپرسی ئاوروداوە نەبووە. لەو تەشکیلاتەدا بەسەدان کەس تێرۆرکراوە. ئەو تێرۆرانە بۆ ماوەی چەند سال لەو تەنزیمەدا بەردەوام کراون. بەرپرسانی ئەو تەنزیمە بۆ یەک جار سازمانە نێونەتەوەییەکان و مافپارێزەکانیان لەو هەمو جیناەتە کە بە دژی سەدان ئاوارەو پەنابەری کورد لە باشوری کوردستان کراوە و مەلا عەبدوللاو تیمەکەی بەرپرسی ئەو هەموو کارەساتە بوون ئاگادار نەکردوون. ئەو سێ کەسە و مەلا عەبدوللا رۆژێک دەبێ بۆ ئەو تاوانە تایبەتییە دادگایی بکرێن.بەرێوەبەرانی ئەو برِیارەی مەلا عەبدوللا بۆ کوشتنی ئەو تۆمەتبارکراوە دەبێ واقعییەتی ئەو روداوە بلاو بکەنەوە. مەلا عەبدوللا لە کتێبی ئەزمونی خەباتەکەیدا کە سەرتاپای تژی لەتەزویرو ناراستییە لە گێرانەوەی ئەوداستانەشدا ناوی چوار گوللەبارانکراوەکەی دەروازەی کۆیەی لە پێوەندیی بە جاسوسیی کردنەکەی ئازادەوە و بۆ شاردنەوەی دەوری خۆی و هاوکارانی سانسۆر کردووە:سەید منصور ناصری، سامال اسماعیلی، رفعت حسینی و یداللە شیرین سخن کە بە دەستوری ئەندامێکی سەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی دوای دەستبەسەرداگرتنی ئەوماشێنەی بەلگەی جاسوسیی موشاویرەکەی مەلا عەبدوللای تێدا دۆزرابۆوە لە دەروازەی کۆیە گوللەباران کرابوون.[9]

.

**درێژەی تەزویرەکانی مەلا عەبدوللا لە کتێبی خولیاو مەرگی رەحمانی کورد خولیای کوردستان دا**

**لاپەرەی ٢٤٦ دەقی کوردیی کتێبەکە ی کارۆل و پاراگرافی چواری لاپەرەی٢٢٣ دەقی ئینگلیزیی ئەو دوو هێلە :**

There is no government interested in helping us. For exemple , the Palestinians and the Eritereans can always count on the support of some government. We, on the other hand, are trapped by our geopolitical situation’’.[266]

**لە دەقە کوردییەکەداکە وتەی د.قاسملو بوون سانسۆر کراون: ئەو دوو هێلە سانسۆر کراوە پێوەندیی بە**

**وتووێژی د.قاسملوو لەگەل نووسەری کتێبەکە لە سالی ١٩٨٥ بووە.ژمارە** 266

9- بروانە دوو جینایەت دوو دادگە دوو قەرار، www. Rojikurd.infoو peshmergekan

نووسـەری کتێبـی خولیـاو مـەرگی ڕەحمـانی کـورد نـە بنبـێلای ناسـیبوو نـە تالـەبانیی ، نـە فـازل ڕەسـوڵ، نـە نەوشـیروان مصـطفی ئـەمین. نووسـەر کـە بـۆ لێکۆلینـەوە لـە تێـرۆری د.قاسـملوو چووبـووە کوردسـتان، مـەلا عەبـدوللاو هاودەسـتەکانی نەیانهێشـتبوو لـە مصطفی هجری و ئەندامانی حدکا سەبارەت بە تێرۆری د.قاسملوو پرس و جۆ بکا.

بەرپرسـایەتیی فـازل سـەرناوی شـەریکە تـاوانیی، فریـودان،دابین کردنـی جـێو ڕێ، جاسوسـیی، کۆکردنـەوەی و شـاردنەوەی زانیـاریی لـەسـەر کرینـی ئاپارتمانێـک بـۆ بنبـێلا بـە پـۆلی باڵوێزخانـەی ئێـران لـە ڤییـەن بـە قیمـەتی (....١٤٥ شـیلینگ). فـازل ڕەسوڵو بنبێلا ڕاهێنـراوی حیزبـوللای لوبنـان بـوون. هـەردوو تـوواوە لـە ویلایـەتی فـەقیـە دابـوون. زانیـاریی زیـاتریش لەسـەر فـازل ڕەسوڵ هەیە کە لە لێکۆلینەوەی پۆلیسی دادوەریی و دادوەرانی پەروەندەی تێرۆردا باس کراون.

واقعییـەت ئەوەیـە کـە بـە بـێ هاودەسـتیی و هاوکـاریی نـاوبراو ... ئـەو وتـوێژە سـەری نـەدەگرت و ئـاوا بـە سـانی بـەڕێوە نـەدەچوو. زانیاریی زیاتر لەسەر ئەو کەسانەی کە لەسەرەوە ناوبران دواتر بە دوورو درێژی باس دەکرێ.

درێژەی دەبێ

١٣ دیسامبری ٢٠١٥